وەزیری سەدر: دەمانەوێت ژمارەی ئەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن زۆر زیاتر بێت لە ژمارەی بەشداربووان

کەسێکی نزیك لە ڕێبەری ڕێوتی نیشتمانیی شیعە بە پێویستی دەزانێت هاووڵاتیان کارتی دەنگدانیان نوێ بکەنەوە؛ داواش لە هاووڵاتیان دەکات بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن.

شەممە، 19ـی نیسانی 2025، ساڵح محەممەد عێراقی، کەسایەتیی نزیك لە موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕێوتی نیشتمانیی شیعە لە پەیامێکدا کە لە پلاتفۆرمی (تێلیگرام) بڵاوی کردووەتەوە، نوێکردنەوەی کارتی دەنگدانی لە لایەن هاووڵاتییانەوە لەسەر ڕاسپاردەی سەدر بە پێویست زانیوە.

ساڵح محەممەد عێراقی گوتووشیەتی، هانی عێراقییەکان دەدەن بۆ نوێکردنەوەی کارتی دەنگدان وەکوو ئەرکێکی زۆر پێویست.

ساڵح محەممەد عێراقی جەختیشی کردووەتەوە، دەیانەوێت ژمارەی ئەوانەی بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن زۆر زیاتر بێت لە ژمارەی بەشداربووان.